# سانت ئۆگۆستین: دەربارەی مامۆستا

له ئەڵمانییەوە: د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەڵاحەددین - کۆلێژی ئاداب)

(١ - ٣)

**تەوەری یەکەم**

- وشە، سیمبۆل، دەلالەت
- فێربوون و وەبیرهاتنەوە.

(١) **ئۆگۆستین:** بەلای تۆوە ئێمە چیمان دەوێ بیکەین کاتێک قسە دەکەین؟

ئەدیودات(١): وەک ئەوەی ئێستا بۆم دەردەکەوێ: فێربکرێین، یان شت بزانین.

**ئۆگۆستین:** من لەگەڵ بۆچوونی یەکەمدام و پەسندی دەکەم، ڕوون و ئاشکرایە ئێمە کە قسە دەکەین دەمانەوێ خەڵک فێر بکەین، بەڵام چۆن دەتوانین فێرببین و شت بزانین؟!

**ئەدیودات:** ئەگەر بە پرسیارکردن نەبێ، چ ڕێگایەکی تر شک دەبەی؟!

**ئۆگۆستین:** بە تێگەیشتنی من لە فێربوون بەولاوەمان ناوێ! تۆ تەنیا هەر بۆ ئەوە دەپرسی، لەوەی لێی دەپرسی پێت بڵێ چیت دەوێ، ئایا وا نییە؟!

**ئەدیودات:** ڕاست دەکەی.

**ئۆگۆستین:** کەوابوو تۆ ئێستا زمان وا دەبینی کە تەنیا هەر بۆ فێرکردنە؟

**ئەدیودات:** من بە تەواوەتی تێناگەم مەبەستت چییە؟ چونکە ئەگەر زمان لە دەرکردنی وشە بەولاوە نەبێت، بە بۆچوونی من، لە گۆرانی گوتنیشدا ئێمە ئەمە دەکەین. لەبەر ئەوەی ئێمە بە تەنیا ئەوە دەکەین، نامانەوێ، بە باوەڕی من، کەس فێربکەین، ئەگەر کەسێک لە ئارادا نەبێ.

**ئۆگۆستین:** بەڵام من باوەڕم وایە، جۆرە شێوازێکی فێرکردن بەهۆی وەبیرهاتنەوەوە لە ئارادایە. ئەمە شێوازێکی ئەوپەڕی گرنگە هەروەکو بابەتەکە لە بەرەوپێشچوونی وتووێژەکەماندا لێرە بەدەر دەکەوێ، بەڵام خۆ ئەگەر تۆ باوەڕ نەکەی کە ئێمە فێر دەبین کاتێک



**سانت ئۆگۆستین**

شتـمـان بیـر دەکـەوێتـەوە و ئەوەیش کـە شت دەڵێ فـێـر دەکات، نامەوێ بەرپەرچیت بدەمەوە و ڕکابەریت بکەم. لە هەمـان کـاتدا من دەتوانم بە دڵنیـاییـەوە دوو هۆکـار پاڵنەری قسەکردن بدەمە دەست: ئێمە قسە دەکەین بۆ ئەوەی فێر بکەین، یان قسە دەکەین بۆ ئەوەی یارمەتی خۆمـان، یان هی کـەسانی دیکە بدەین بۆ وەبیـرهاتنەوە، ئیـتر ئەوەیە ئێـمـە- لە ڕەوشی دووەمـدا، کـاریگـەرانە جێبـەجێی دەکـەین کـاتێ گـۆرانی دەڵێین، یان تۆ لەو باوەڕەدا نیت؟!

**ئەدیودات:** بە تەواوەتی وانییە، زۆر بە کەمی وایە کە من گۆرانی بڵێیم بۆ ئەوەم بێ شت وەبیر خۆم بهێنمەوە، ئاساییە من گـۆرانی دەڵێم، تەنیـا بۆ دڵخـۆش بوون و چێژ وەرگرتن.

**ئۆگۆستین:** من دەبینم، مەبەستت چییە، بەڵام ئایا تۆ هەست ناکەیت کە لە گۆرانی گوتندا ئەوی خۆشی و چێژ دەبەخشێ ئاوازەکەیە؟! چونکە ئێـوە دەتوانن وشـە زیاد بکەن، یان لابەرن، بۆیە قـسـەکـردن و گـۆرانی گـوتن لە یەکتری جیـاوازن: دەکرێ لەگـەڵ نای و گـیـتار گـۆرانی بگوترێ، مـەلیش گـۆرانی دەڵێ و هەندێک جـار بـەبێ قـسـەکـردن پارچەیەک مـوزیک لێ دەدرێ، دەکـرێ بە گۆرانی دابنرێ، ڕاستە ئەو پێکهاتە موزیکە بە گۆرانی، بەڵام نەک بە قـسەکردن ناودەبرێ، یان شتێکی تر هەیە کە دەکرێ تۆ پەسندی نەکەی؟!

(٢) **ئۆگـۆسـتین:** ئایا تۆ ئیـتـر لەو باوەڕەدای کـە قـسـەکـردن تەنیـا هەر بۆ مـەبەسـتی فـێـرکـردنە، یان بۆ وەبیرهاتنەوە بەکاردێت؟!

**ئەدیودات:** وا بۆ من دەردەکەوێ، ئەگـەر ڕاسـتـەقـینە نارەحـەتم نەکـات، ئێـمـە کـاتێک نوێژ دەکـەین قـسـە دەکەین، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا ناکرێ مرۆڤ وا باوەڕ بکات ڕەب لەلایەن ئێمەوە شتێک فێر دەکرێ، یان ئەو لەلایەن ئێمەوە شتێکی بەبیر دەهێنرێتەوە.

**ئۆگۆستین:** من لەو باوەڕەدام، ئایا تۆ نازانی، کە بۆچی دەبێ ئێـمـە لە ژووری داخـراودا نوێژ بکەین، ئامـاژە بە ناخی گیـان و دەروون دەدرێ، لەو هۆکارە بەولاوە هیچی تری نیـیــە: ڕەب هیـچ داخــوازییــەکی نیــیــە بەهۆی قسەکردمـان وەبیـری بێـتـەوە، یان فـێـر بکرێ، ئارەزووی ئێمە بێتە دی. ئەوی بەتایبەتی قسە دەکات بەهۆی چەند دەنگە ئاوازێکەوە سیـمـبـۆلێکی خواسـتی بەرەو دەرەوە دەنێـرێ. دەبێ لە ناخی دەروونی ژێرەکی گۆشـەگیـردا کە مـەبەست مـرۆڤی ناوەکی ناو ناخـە، سـۆراخی ڕەب و داکـۆکی لێ بکرێ، ئەمـەش خـواسـتی خـۆی بووە کـە گۆشەگیری پەرستگاکەی بێت، ئایا ئێوە لەلای ئەپۆستل (سەحابە-یاران) نەتانخوێندووەتەوە: «ئایا ئێوە نازانن، کە ئێـوە پەرستگای ڕەبن و گـیـانی ڕەب لە ناخی ئێـوەدا نیـشـتـەجـێـیـە.»، هەروەها «لە ناخی مـرۆڤـدا مـەسـیح نیشتەجێیە؟» (١، کورنتە، ئەپوستل، ٣-١٦-١٧)

ئایا لەلای پەیامبەر ئەمە سەرنجی ڕانەکێشاون:

«لە دڵی خـۆتاندا بدوێن، لە نیـشـتـەجـێکـەتاندا تۆبە بکـەن و قـوربانی دادپەروەری بدەن و ئومـێـدتان بە ڕەب هەبێ» (پالم ٤: ٥-٦). باشـــە دەبـێ، ئایا تـۆ لەو باوەڕەدای، لە چ جێگایەک قـوربانی داد بدرێ ئەگـەر لە پەرستگای ژێر و گیاندا و لە بارەگای دڵدا نەبێ؟! لە چ جـێـگـایـەک قـــوربانی درا لـەوێش نوێژ دەکـــرێ، بۆیە نوێژکردن پێویستی بە وشەی بیستراو نییە، تەنیا لەلای قەشەکـان نەبێ کاتێک بەشێوەیەکی بیسـتراو دەدوێن بۆ ئەوەی خەڵک، نەک ڕەب بیبیستن. ئیتر بەهۆی ئەمەوە، بە هەماهەنگی و پێکەوە گونجان، بەهۆی وەبیرهاتنەوەوە بەرەو ڕەب بەرز دەبنەوە. ئایا تۆ بـۆچوونێکی دیکـەت هەیە؟!

**ئەدیودات:** من بە تەواوەتی لەگەڵ تودام.

**ئۆگۆستین:** ئیتر تۆ، بەمە، ئەو ڕاستەقینەیە نارەحەتت ناکـات کـە بەرزترین مـامـۆسـتـا بە چەند وشـەیەکی دیاریکراو شاگردەکانی فێر دەکات، کاتێک نوێژیان فێر

دەکات؟ ئەمە کارێکە ئەو بە ئاشکرا لەوە بەولاوە کە فێر بکات، چۆن مرۆڤ لە نوێژکردندا بدوێ، بەولاوە نییە؟. (مەتتا: ٦:٩).

**ئەدیودات:** ئەمە بە هیچ جۆرێک نارەحەتم ناکات و ناموروژێنێ. ئەو وشە فێر ناکات، بەڵکو بەهۆی وشەوە شت فێر دەکات، بۆ ئەوەی بەهۆیەوە بتوانن بە بیریان بێتەوە: دەبێ بۆ کێ نوێژ بکەن.. بە نوێژکردن بە چی دەگەن کاتێک، وەک گوترا، کە لە ناخی دەروون و گیانەوە نوێژ دەکەن.

**ئۆگۆستین:** تۆ بەوە ڕاست دەکەی، لە هەمان کاتدا تۆ دەبینی، وەک من بۆی دەچم، ئەوی ڕاستی بێ، ئێمە لە ناخماندا لەگەڵ دەروونی خۆمان دەدوێین بەبێ ئەوەی هیچ وشەیەک بدرکێنین و هیچ دەنگێکمان لێوە بێت و تەنیا بە بیرکردنەوەمان لە وشە نەبێ. ئیتر ڕۆڵی ئاخاوتن بریتییە لە ئاگادارکردن و وەبیرهاتنەوە. کاتێک وشەکان کە لەنێو یاد دان، دەستبەکار و چالاک دەبن و دەچنەوە سەر ئەوەی کە شمەکن و سیمبۆلەکانیان وشەن و لە وشە بەولاوە نین کە لە دەروون – مێشکدا دەردەکەون.

**ئەدیودات:** من تێ دەگەم و پشتگیری قسەکانت دەکەم.

**(٢): (٣) ئایا هەموو وشەیەک سیمبۆلە؟**

سیمبۆل ئاماژە بە چی دەدات؟

**ئۆگۆستین:** ئێمە لەسەر ئەوە ڕێک کەوتین، وشەکان سیمبۆلن.

**ئەدیودات:** بەڵێ وایە.

**ئۆگۆستین:** ئەمە چ دەگەیەنێ، ئایا دەکرێ سیمبۆلێک کە ئاماژە بە هیچ نەکات، سیمبۆل بێت؟!

**ئەدیودات:** نەخێر.

**ئۆگۆستین:** چەند وشە لەو پارچە هەڵبەستەدایە؟

«ئەگەر بەدڵی خواوەندەکان بێت، هیچ شتێک لەو شارە گرینگەدا نامێنێ» "Si nihil ex tanta Superis" "Placet urbe relingui" ئەلیادە: کتێبی یەکەم، دێڕی ٦٥٩.

**ئۆگۆستین:** کەوابوو هەشت سیمبۆل.

**ئەدیودات:** بەڵێ وایە.

**ئۆگۆستین:** من وای دادەنێم تۆ لەو پارچە هەڵبەستە تێگەیشتبی.

**ئەدیودات:** من وا باوەڕ دەکەم بە چاکی تێی گەیشتبم.

**ئۆگۆستین:** کەوابوو پێم بڵێ: هەر تاکە وشەیەک ئاماژە بە چ دەکات؟!

**ئەدیودات:** ئەگەرچی لەلای من ڕوونە. چی و چ کاتێک ئاماژە دەکات، بەڵام من هیچ وشەیەکی دیکە نادۆزمەوە کە بەهۆیەوە بتوانرێ ئەوە ڕوون بکرێتەوە.

**ئۆگۆستین:** ئەو هەمیشە ئیتر هەمیشە چ نیشان بدات- بەلای کەمەوە تۆ دەگەیە ئەوەی ئەو لە کوێیە.

**ئەدیودات:** وا بۆم دەردەکەوێ، ئەگەر ئاماژە بە گومانێک بدات، ئەو گومانە لە چ جێگایەک دەبێ ئەگەر لە دەرووندا نەبێ!؟

**ئۆگۆستین:** ئێستا کاتییانە ئەمە پەسند دەکەم، تۆ خەریکی وشەکانی تر بە.

**ئەدیودات:** وشەی هیچ nihil چ دەگەیەنێ ئەگەر ئاماژە نەبێ بەوە بوونی نییە.

**ئۆگۆستین:** دوور نییە تۆ ڕاستت گوتبێ (هەق بە تۆبێ)، بەڵام لەو دۆخەدا ئەو ڕەوشە بەربەستم دەبێ کە پێشتر تۆ بڕیارت دا، ئەوکاتە سیمبۆل بوونی دەبێ کە ئاماژە بە شتێک بدات، ئەوی بوونی نییە، ناکرێ بەهیچ جۆر و شێوازێک شت بێت، کەوابوو وشەی دووەم لەو پارچە هەڵبەستەدا سیمبۆل نییە، چونکە ئاماژە بە هیچ نادات و هیچ دەستنیشان ناکات. ئێمەش بە هەڵە لەسەر ئەوە ڕێک کەوتین کە هەموو وشەیەک سیمبۆلە، یان هەر سیمبۆلێک شتێک دیار و دەستنیشان دەکات.

**ئەدیودات:** تۆ تەنگەتاوم دەکەی، بەڵام ئەمە بۆ خۆی ڕاستە: ئەگەر ئێمە نەزانین ئاماژە بە چ بدەین و چ دەستنیشان بکەین، ئەوە هەرەمەکییانە و بەبێ سەروبەر وشەیەک بەکاردەهێنین، بەڵام ئەگەر تۆ ئێستا لەگەڵ مندا قسە بکەی، من باوەڕ ناکەم، کە تۆ بەبێ بنەما دەنگێک دەرببڕی، بەڵکو بە هەر وشەیەک کە لە زارتەوە دێتە دەرەوە تۆ نیشان و سیمبۆلێکم دەدەیتێ، بۆ ئەوەی من شتێک تێ بگەم، بۆیە ئیتر کە تۆ قسەت کرد، نابێ ئەو دوو «ni-hil» بڕگەیەی ئەو وشەیە دەرببڕی ئەگەر هاتو تۆ بەهۆیەوە شتێک ئاماژە پێ نەدەی و دەستنیشان نەکەی. خۆ ئەگەر بۆت ڕوون بۆوە بەهۆیەوە بە ناچاریی دەستەواژەیەک کارا دەبێ، کە دەنگەکەی بەر گوێمان کەوت، فێرمان دەکات و شتمان بیر دەکەوێتەوە، ئیتر بۆت ڕوون بۆوە من دەمەوێ چی دەرببڕم، بەڵام ناتوانم شرۆڤەی بکەم.

**ئۆگۆستین:** ئێستا ئێمە چی بکەین؟ لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین بڵێین، بەهۆی ئەو وشەوە زۆر کەم شتەکە خۆی

کە هیچ نییە، نیشان دەدرێ پتر جۆرێکی دیاریکراوی شێوازی بیرکردنەوە دەستنیشان دەکرێ، ئەگەرهاتو دەروون- ژێر شتێک نەبینێ و دوایی بەسەر نابوونەکەیدا بکەوێ، یان وابزانێ کە بەسەریدا کەوتووە.

**ئەدیودات:** بە مەزەندە ئەمە ئەوەیە بە تەواوەتی کە من سەرگەرمی بەرەپێدانیم.

**ئۆگۆستین:** با ئێمە لەبەر ئەو هۆکارە، هەر چۆنێک بێت، بەردەوام بین و درێژە بە قسەکانمان بدەین نەوەک دووچاری کەوتنە نێو داوی ناکۆکی بین.

**ئەدیودات:** چ ناکۆکییەک Widersinnig.

**ئۆگۆستین:** ئەو ڕەوشە، ئەگەر «هیچ» ڕامان بگرێ و بەخۆیەوە خەریکمان بکات، کات بە فیرۆ دەدەین و دوا دەکەوین.

**ئەدیودات:** بەڕاستی ئەمە جێگای پێکەنین پێکهاتنە، من وای بۆ دەچم کە دەکرێ شتێک بقەومێ، بەڵێ، من بە ڕوونی دەبینم کە شتەکە ڕووی داوە.

**(٤) ئۆگۆستین:** بەناوی خوا لە جێگای خۆیدا ئەو جۆرە ناکۆکییە بە تەواوەتی دەزانین و تێی دەگەین و دەرکی پێ دەکەین، ئێستا جارێکی تر بچۆوە سەر پارچە هەڵبەستەکە، هەوڵ بدە، ئەوەندەی لە توانایبیدا هەیە، ڕوونی بکەوە وشەکانی چی دەڵێن و چی دەستنیشان دەکەن.

**ئەدیودات:** وشەی سێیەم ئامرازی پێوەندییە «ex» کە ئێمە لە بەرانبەرییەوە، وەک من بۆی بچم دەتوانین «de» بڵێین.

**ئۆگۆستین:** نیازی من ئەوە نییە، کە لە جێگای وشەیەکی ئەوپەڕی زانراو و ناسراو یەکێکی دی کە ئەوپەڕی ناسراوە و کە هەمان شت دیار و دەستنیشان دەکات و ئاماژە پێ دەدات ناوبهێنی، ئەگەر ئێمە وای دابنێین کە ئەمە وایە، بەدڵنیاییەوە ئەگەر شایەرە بەناوبانگەکە لە جیاتی (ex) لەو شارەوە، لەجیاتی (de) لە بارەی ئەو شارەوەی گوتبایە، دەربارەی پرسیارەکەی من de ئاماژە بە چی دەدات بە ex وەڵامت دایەوە، چونکە بەپێی بۆچوونی تۆ ئەو دوو وشەیە، واتا، نیشان دەدەن، بوونن یەک شت دیاری دەکەن، من سەرگەرمی توێژینەوەی ئەو یەکە کێشە ئامێزەم کە بەهۆی هەردووک سیمبۆلەکە ئاماژەی پێ دەدەرێ و دەستنیشان دەکرێت.

**ئەدیودات:** وەک بۆ من بەدەردەکەوێ، جۆرە جیابوونەوەیەک لەو شتە نیشان دەکات کە پێشتر تێیدا بووە کاتێک دەبێژین ئەو لەوەوە هاتووە، جا ئیتر ئەگەر ئەو شتە لە بوونیشدا نەمابێ، هەروەک لە پارچە هەڵبەستەکەدا هاتووە: شارەکە هیچی تر خۆی ڕانەگرتووە و تەنیا چەند کەسێک لەو کە تەڕوادەییەکان بوون (Trojaner) توانیویانە پتر بژین. هەروەک ئێمە دەڵێین: بازرگانەکان لە ڕۆمەوە هاتوون و لە ئەفەریقان.

**ئۆگۆستین:** بۆ ئەوەی بۆت بسەلمێنم با نەیژمێرم چەند لادانێک بە مەزەندە لەو بنەمایەی تۆ دەکەونەوە، لەلای تۆ ڕوون و ئاشکرایە کە دەکرێ ئەو دڵنیاییە بکرێت: تۆ وشە بەهۆی وشەوە، واتا تۆ سیمبۆل بەهۆی سیمبۆلەوە، بگرە ئەوپەڕی زانراو و ناسراوت بەهۆی ئەوپەڕی ناسراوەوە ڕوون کردەوە، بەڵام من داوات لێ دەکەم، ئەگەر ئەمە لە توانایبیدا بێ، شتەکە خۆی کە وشەکان سیمبۆلەکەین، بۆم ڕوون بکەیتەوە.

## بابەتی دووەم
## ئایا شت هەیە بەبێ سیمبۆل
## خۆی خۆی دەربخات؟

٣: (٥) **ئەدیودات:** بەلای منەوە سەیرە کە تۆ نەزانی، باشتر: وایە خۆت دەربخەی نایزانی کە من ناتوانم بەپێی پێویست وەڵامەکانم بە گوێرە و بەپێی خواست و ئارەزووت بن! ئێمە هاوپەیڤین دەکەین لەوەدا کە ئێمە تەنیا هەر بە وشە دەتوانین وەڵام بدەینەوە، تۆ داوای چەند شتێک دەکەی، ئیتر هەر شتێک بن، بەڵام بەهیچ جۆرێک چەند وشەیەک نین خۆ تۆ بە وشە پرسیارت لە من کرد، کەوابوو تۆ پرسیارەکانت بە بێ وشە بکە بۆ ئەوەی من بتوانم لەو هەلومەرجەدا وەڵامەکان بەبێ وشە بدەمەوە.

**ئۆگۆستین:** من دانی پێدادەنێم کە تۆ لەو گازندەکردنەی مندا لەسەر هەقی، ئەگەر پێویست بکات من بپرسم: سێ برگەی «دیواری ماڵ» چ نیشان دەدەن، ئایا نەتدەتوانی بە قامک (پەنجەت) ئاماژەی پێ بدەی، کەوابوو بێ گومان منیش ڕاستەوخۆ شتەکە خۆی کە سیمبۆلەکەی سێ برگەیە دەبینم، بەڵام تۆ ئاماژە بەو دەدەی بەبێ ئەوەی وشەیان بۆ بەکاربهێنی؟!

**ئەدیودات:** ئەمە گونجاوە و دەشێ، بەڵام تەنیا هەر بۆ ئەو ناوانەی کە لەشە هەست پێ کراوەکان دیار و دەستنیشان دەکەن و ئاماژەیان پێ دەدەن، ئیتر بەو مەرجەی لەشە هەست پێ کراوەکان هەبوو و لە ئارادابن.

**ئۆگۆستین:** ئایا ئێمە وا ناودەین: ڕەنگی لەشێک، یان

پتر ئایا ئێمە ناڵێین ڕەنگ چۆنێتی و خەسڵەتی لەشەکەیە؟!

**ئەدیودات:** جۆرێکی خەسڵەتی لەشەکەیە.

**ئۆگۆستین:** بەڵام بۆچی دەکرێ بە پەنجە- قامک ئاماژە بە ڕەنگەکە بدرێ؟! یان ئایا تۆ جۆرە خەسڵەتێکی لەشیی دەدەیە پاک لەشەکە، لەگەڵ ئەمەدا کە ئەوان دەبێ لە ئارادابن بە جۆرێک ئەوان بەبێ وشە دەکرێ قسەیان لێوە بکرێ؟!

**ئەدیودات:** ئەگەر من دەڵێم «لەشەکان» مەبەستم ئەوەیە «گشت لەشییەکان» تێ بگەیشترێ، واتە گشت ئەوانەی لە کایەی لەشیدا هەست پێ دەکرێ.

**ئۆگۆستین:** ڕاوەستە، ورد بەرەوە، ئایا پێویست نییە تۆش لێرەدا هەندێک چاوپۆشی بکەیت؟

**ئەدیودات:** زۆر باشە کە تۆ سەرنجی منت بۆ ئەوە ڕاکێشا، نەدەبوو من بڵێم «گشت لەشییەکان»، بەڵکو دەبوو بڵێم «هەموو ئەوانەی دەدیترێن». ئیتر من دانی پێدادەنێم: دەنگ، بۆن، چێژ، قورسایی، گەرمی هەموو ئەوانەی دیکە کە دەچنەوە سەر هەستەکانی تر، ئەگەرچی بەبێ بوونی لەش ناکرێ هەستیان پێ بکرێ و دەرکیان پێ ببرێ، بۆیە ئەوان لەشین، ئیتر نەدەبوو و نەدەکرا بە پەنجە- قامک ئاماژەیان پێ بدەم(٢)

**ئۆگۆستین:** ئایا تۆ نەتدیوە، چۆن خەڵک لەگەڵ کەڕولاڵدا بە ئاماژە قسە دەکەن، هەروەک چۆن کەڕولاڵەکانیش پێکەوە لەگەڵ یەکتری چییان بوێ، بە ئاماژە پێدان دەدوێن. دەپرسین، وەڵام دەدەنەوە، فێردەکەن، نیشان دەدەن؟! لەو ڕەوشەدا تەنیا هەر ئاماژە بەو شتانە نادرێ کە دەدیترێن، بەڵکو بە دەنگ و چێژ و شتی وەک ئەمانەش، هەروەک چۆن ئەکتەرەکان لەسەر شانۆ بەبێ وشە و قسە، شت دەردەبڕن، هەندێک جار تەنیا بە سەماکردن شتەکان ڕوون دەکەنەوە و وادەکەن تێیان بگەیشترێ.

**ئەدیودات:** هیچ گلەیی و گازندەیەکم نییە، بەڵام من ناتوانم وشەی (ex) (لە) بەبێ قسەکردن شرۆڤە بکەم و ئەکتەریش ناتوانێ بە سەما ئەو وشەیەت بۆ ڕوون بکاتەوە.

(٦) **ئۆگۆستین:** دوور نییە تۆ ڕاست بیت، بەڵام ئێمە دەمانەوێ ئەو گریمانەیە بکەین کە ئەو دەتوانێت ئەمە بکات، وەک من بۆی دەچم تۆش گومان لەوە ناکەی، بزووتنەوەی لەشەکە کە دەیەوێ ئەو شتەیە ڕوون بکاتەوە کە وشەکە ئاماژەی پێ دەدات، بزووتنەوەکە شتەکە خۆی نییە، بەڵکو سیمبۆلێکیەتی، بۆیە ئەکتەرەکەش بە وشەیەک، وشە ڕوون ناکاتەوە، بەڵکو بەهۆی سیمبۆلەوە سیمبۆل نیشان دەدات. بڕگەیەک «ex» «لە» و ئەو بزووتنەوەیەی کە ئەکتەرەکە دەیکات، هەردووکیان یەک شت دەردەبڕن، من حەز دەکەم یەکێک بەبێ سیمبۆل و دەستنیشان کردن نیشانم بدات.

**ئەدیودات:** تکات لێ دەکەم، ئەمە چۆن دەکرێ کە تۆ داوای دەکەیت؟

**ئۆگۆستین:** ئیتر ئەمە وایە هەروەک چۆن لە ڕەوشی دیواری ماڵدا گونجاوە و شیاوەکییە.

**ئەدیودات:** هەروەها دەربارەی ئەو، وەک چۆن بەڵگەنامە پێشکەوتووەکان فێر دەکەن، ناکرێ بەبێ سیمبۆل ئاماژەیان پێ بدرێ. ئیتر پەنجە درێژ کردنەکە دیواری ماڵەکە نییە، بەڵکو سیمبۆلێکە بۆ ئاماژە پێدانەکە، کەوابوو من هیچ شتێک نابینم کە بە سیمبۆل ئاماژەی پێ نەدرێ.

**ئۆگۆستین:** چۆن، ئەگەر لێت بپرسم «ڕۆیشتن» چییە، هەڵدەستییە سەر پێ و دەڕۆی بۆ ئەوەی بۆم ڕوون بکەیەوە پێش ئەوەی هیچ وشەیەک، یان هەر سیمبۆلێکی تر بەکاربهێنی؟!

**ئەدیودات:** من پێی لێ دەنێم خۆی وایە. شەرمیش دام دەگرێ من شتێکی وا ڕوون و ڕەوانم نەدیت. هەر بەو پێوانگە هەزاران شت هەست پێ دەکەم، دەتوانن بەبێ سیمبۆل خۆیان دەربڕی خۆیان بن وەک خواردن، خواردنەوە، دانیشتن، بەپێوە بوون، قیژاندن و پتر شتی تری لە ژماردن نەهاتوو.

**ئۆگۆستین:** بەردەوام بە و پێم بڵێ: چۆن فێرم دەکەی و پێم ڕادەگەیەنی ئەگەر من واتای وشەکە نەزانم و لە کاتی ڕۆیشتندا بپرسم «ڕۆیشتن» چییە؟

**ئەدیودات:** من دەمەوێ بە تەواوەتی ئەمە بکەم، خێرا دەڕۆم بۆ ئەوەی - لە وەڵامی پرسیارەکەتدا سەرنج بۆ شتێکی نوێ ڕابکێشم بەبێ ئەوەی شتێکی تر ڕووبدات لەوە بەولاوە کە دەبێ شتێک نیشان بدرێ و ئاماژەی پێ بکرێ.

**ئۆگۆستین:** ئایا تۆ نازانی ڕۆیشتن لە خێرایی جیاوازە؟ ئەوی بڕوات، مەرج نییە خێرا بکات و ئەوی خێرا بڕوات بەبێ قەیدومەرج بڕوات، ئێمە بە تایبەتی لە بارەی نووسین، خوێندنەوە هەندێک شتی تری لە ژماردن نەهاتوو قسە لە خێرایی دەکەین، ئەگەر لە کارەکەتدا خێراییت کرد، دوای پرسیارەکەی من- وای تێ دەگەم،

کە ڕۆیشتن خێراییە، ئەمەش شتێکی نوێیە کە تۆ خستتە سەری، بۆیە من بە هەڵە دەبات.

**ئەدیودات:** من پێی لێ دەنێم ئێمە بەبێ سیمبۆل ناتوانین ئاماژە بە هیچ کار و شتێک بدەین، لەوکاتەدا کە داوامان لێ دەکرێ بیکەین، ئەگەر ئێمە هیچ نەخەینە سەری، پرسیارکار وا دەزانێ کە ئێمە نامانەوێ ئاماژەی پێ بدەین لە کارەکەمان بەردەوام دەبین بەبێ ئەوەی بەڵگە بهێنینەوە، ئەگەر لێمان بپرسرێ کارێک لەتواناییماندا بێ بیکەین و دوای پرسیارەکە دەستبەجێ نەمانکرد، بەڵام دواتر دەتوانین بیکەین و بە شتەکە نەک بە سیمبۆل ئاماژە بەوە بدەین پرسیویەتی، ئەوە نەبێ کە یەکێک لێم بپرسێ و من لە قسەکردندا بم بڵێ: قسە کردن چییە؟ ئیتر هەرچییەک بڵێم بۆ ئەوەی وەڵامی بدەمەوە، ئەوە من بە ناچاری هەر قسە دەکەم و بەردەوام دەبم لە ڕوونکردنەوەی ئەوەی ویستوویەتی بەبێ ئەوەی لە شتەکە خۆی دوور بکەومەوە کە ئەو دەیەوێ ئاماژەی پێ بدەم، بەبێ ئەوەی بۆ ئەمە بەدوای سیمبۆلدا بگەڕێم لە دەرەوەی شتەکە خۆی ئاماژەی پێ دەدات.

## چۆن سیمبۆلەکە ئاماژە بە سیمبۆلێکی تر دەدا و دەری دەبڕێ و لێشی جیاوازە؟!

(٤) (٧): **ئۆگۆستین:** ئەوپەڕەکەی ورد و ڕێک و پێکە! ئێستاکە تەماشا بکە ئایا ئێمە لەسەر ئەوە یەک باوەڕین کە دەتوانین کاتێک لێمان دەپرسرێ ئاماژە بەکردارەکان، بدەین و دەریان ببڕین بەبێ سیمبۆل کە دواتر دەتوانین ئەمە بکەین، هەروەها هەمان شت دەربارەی ئەو سیمبۆلانەی ڕۆیان دەنێین، ئێمە کاتێک قسە دەکەین، سیمبۆل دادەنێین، ئەوەیە مەبەست لەوەی مرۆڤ ئاماژە بە شت بدات، کەوابوو وشەی «نیشانی دەدات» لە کوێ و لەچییەوە کەوتووەتەوە؟

**ئەدیودات:** ئێمە یەک باوەڕین.

**ئۆگۆستین:** کاتێک، بەو پێیە، چەند سیمبۆلێکی دیاریکراو پرسیاریان لە بارەوە دەکرێ: دەکرێ بە سیمبۆل ئاماژە بە سیمبۆل بکرێ، خۆ ئەگەر بابەتەکە بریتی بوو لە چەند شتێک کە سیمبۆلیان نەبێ، ئەوە ئەگەر بتوانین دەکرێ بەپێی پرسیارەکە جێبەجێ بکرێت، یان چەند سیمبۆلێکی بۆ بەکاربهێنرێ کە سەرنج ڕابکێشێ و بکرێ دەری ببڕن.

**ئەدیودات:** ئەمە وایە.

**ئۆگۆستین:** لەو دابەش کردنە سێ قۆڵییەدا دەمانەوێ لەپێشدا ئەگەر تۆ ڕازی بی، بەدوای بیرۆکەی: «بەهۆی سیمبۆلە و سیمبۆل دەردەبڕێ» بکەوی و لێی بکۆڵییەوە: ئایا وشەکان خۆیان بە تەنیا چەند سیمبۆلێک نین.

**ئەدیودات:** نەخێر.

**ئۆگۆستین:** بۆ دێتە بەرچاوم کە ئێمە کاتێک قسە دەکەین بە هۆی وشەوە، چەند وشەیەک خۆیان دیار و دەستنیشان دەکەین، یان چەند سیمبۆلێکی تر ئاماژە پێ دەدەین، کاتێک دەجوولێنەوە، یان چەند پیتێک دەردەبڕین، ئەوی بەو دوو وشەیە دەردەبڕین لە هەمان کاتدا سیمبۆلن- یان شتێکی دیکە کە سیمبۆل نەبێ، کاتێک ئێمە دەڵێین «بەرد»، ئیتر ئەو وشەیە سیمبۆلێکە، شتێک دەستنیشان دەکات- بەڵام ئەوەی بە هۆیەوە دەستنیشان دەکرێت بەبێ چەند و چۆن سیمبۆلێک نییە، لەگەڵ ئەوەشدا، بگرە، سەر بەو جۆرەیە، واتا، ئەو شتانەی بەهۆی چەند وشەیەکەوە کە سیمبۆل نین، دیاری بکرێن سەر بەو کایەیە نین کە ئێمە خواستمان ڕوونی بکەینەوە، ئێمە لەلای خۆمانەوە ئەو بڕیارەمان داوە، بیر لەوە بکەینەوە بەهۆی سیمبۆلەوە ئاماژە بە سیمبۆل دەدرێ، بەو پێیە دوو شیاوەکی دێتە بەر دەممان:

هەمان سیمبۆلەکان، یان سیمبۆلی دیکە بەهۆی سیمبۆلەوە دەناسین و دەزانین، یان وەبیرمان دێنەوە، یان تۆ بۆچوونێکی دیکەت هەیە؟!!

**ئەدیودات:** نەخێر، ڕوونکردنەوەکانت ڕوون و ئاشکران.

(٨) **ئۆگۆستین:** ئیتر پێم بڵێ: ئەو سیمبۆلانە دەچنە سەر چ هەستێک، واتا وشەکان.

**ئەدیودات:** دەچنە سەر هەستی بیستن (ژنەفتن).

**ئۆگۆستین:** ئەدی بزووتنەوە؟

**ئەدیودات:** دەچیتە سەر هەستی دیتن.

**ئۆگۆستین:** باشە ئەگەر پێشەکی وشەی نووسراو لە ئارادا بوون؟ ئایا ئەوان چەند وشەیەک نین؟ یان ئەوە ڕاستودروست نییە، لەنێویاندا چەند سیمبۆلێک بە وشە تێ بگەیشترێ، ئیتر بەو پێیە وشەیەک ئەوەیە کە لەگەڵ نیشاندانەکەدا بەهۆی دەربڕینی دەنگەوە پێشکەش دەکرێ؟ بە هەستی بیستن نەبێ پەی بە دەنگ نابرێ، کاتێک وشە دەنووسین، چاو سیمبۆلێک دەبینێ کە وشەیە و بەر گوێ دەکەوێ و دەتوانێ بچێتە ناو ناخی دەروونەوە.

**ئەدیودات:** من بە تەواوەتی لەگەڵ تۆ دام.

**ئۆگوستین:** من لەو باوەڕەدام کە تۆ بەوە ڕازی دەبی ئەگەر ئێمە «ناوێک» بڵێین، شتێک دەستنیشان دەکەین.

**ئەدیودات:** ڕاستە.

**ئۆگوستین:** مەبەستت چییە؟

**ئەدیودات:** بە دڵنیاییەوە ناوەکان ناوبراوان دەردەبڕن وەک: ڕۆمولوس، ڕۆم، چاکەکاری، ڕووبار، زۆر و زەبەندەیەکی دیکەی لە ژماردن نەهاتوو.

**ئۆگوستین:** ئایا ئەو چوار ناوە شتێک دەرنابڕن.

**ئەدیودات:** با بەڵێ شتێک دەردەبڕن.

**ئۆگوستین:** ئایا لەنێوان ئەو ناوانە و ئەو شتانەدا کە دەستنیشانیان دەکەن، جیاوازی هەیە؟!

**ئەدیودات:** بەڵێ، زۆر گەورەش.

**ئۆگوستین:** حەز دەکەم لە تۆ ببیستم ئەو جیاوازییە چییە و کامەیە؟!

**ئەدیودات:** پێش هەموو شتێک لەوەدا کە ناوەکان سیمبۆلن، بەڵام شتەکان ئەوە نین.

**ئۆگوستین:** ئایا تۆ ڕازی کە ئەوەی ئێمە بەهۆی سیمبۆلەوە بکرێ دیار و دەستنیشان بکرێن، بەڵام بە هیچ جۆرێک خۆیان سیمبۆل بن، بەوە ناویان بەرین کە «دەکرێ دەستنیشان» بکرێن، هەروەک چۆن ئەوەی بکرێ بدیترێ بە ئەوەی (دەکرێ ببینرێ) ناو دەبەین، بۆ ئەوەی لە ئەنجامدا بتوانین بە ڕەوانی بدوێین؟!

**ئەدیودات:** بەڵێ.

**ئۆگوستین:** ئیتر چۆن دەبێ ئایا ئەو چوار سیمبۆلەی تۆ تۆزێک لەمەوبەر پێشکەشت کردن بە هیچ سیمبۆلێکی دیکە دەرنابڕدرێن؟!

**ئەدیودات:** بەلامەوە سەیرە تۆ لەو باوەڕدابی، من لە یادم نەماوە ئەوەی پێشتر دۆزیمانەوە و پێی گەیشتین کە وشە نووسراوەکان سیمبۆلی ئەو سیمبۆلانەن کە بە دەنگ دەردەبڕدرێن.

**ئۆگوستین:** پێم بڵێ جیاوازی نێوان ئەوان لە چ دایە؟!

**ئەدیودات:** لەوەدایە کە ئەوان دەدیترێن و ئەمان دەبیسترین. بۆچی دەبێ تۆ بە تایبەتی ڕێگای ئەو جۆرە دەستنیشانکردنە نەدەی، کەچی ئێمە «ئەوی دەکرێ دەستنیشان بکرێ»مان پەسند کرد؟!

**ئۆگوستین:** بەبێ هیچ قەیدومەرجێک پەسندی دەکەم و بگرە پیرۆزباییش دەکەم، بەڵام سەرلەنوێ دەپرسم: ئایا ناکرێ ئەو چوار سیمبۆلە بەهیچ سیمبۆلێکی دیکە، کە ببیسترێ دەستنیشان بکرێن. وەک چۆن ئیتر تۆ ئەوانەی دەدیترێن باست کردن؟!

**ئەدیودات:** من لە یادمە کە پێشتر من گوتم، ئیتر من وەڵامم دایەوە کە ناو شتێک دەستنیشان دەکات، ئەو دەستنیشان کردنەش ئەو چوارە دەگرێتەوە، من ئێستا تێدەگەم کە ئەوان و ئەمان ئەوەندەی بە دەنگ دەربڕدرێن، دەکرێ ببیسترێن.

**ئۆگوستین:** کەوابوو جیاوازی لەنێوان سیمبۆلێک کە بکرێ ببیسترێ و ئەوەی دەبیسترێ و دەستنیشان دەکرێ لە چ دایە و چییە، کە ئەوانیش سیمبۆلن.

**ئەدیودات:** جیاوازی نێوان ئەوان کە ئێمە بە (ناو) ناویان دەبەین لەگەڵ چوار نموونە کە، ئەوەندەی من ببینم، لەوەدایە کە ئێمە بە دەستنیشان کردنەکانیمان دانان بەو جۆرەیە: ئەو سیمبۆلێکی سیمبۆلی بیستراوە، ئەم(٣) ئەگەرچی سیمبۆلێکە دەبیسترێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کە سیمبۆل نییە و سیمبۆلی دیکە دەرنابڕێ، بەڵکو شت دەردەبڕێ وەک: ڕۆمولوس، ڕۆما و ڕووبار و هەندێکیشیان دەزانرێن وەک توانست و لێهاتوویی.

(٩): **ئۆگوستین:** ئەمەت بۆ دەسەلمێنم و ڕازیم پێی، بەڵام خۆ تۆ دەزانی بە دەنگ دەربڕینی هەموو ئەوانەی کە بەهۆی دەستنیشان کردنێکی دیاریکراو پەیدا دەبن بە «وشە» ناودەبرێ؟!

**ئەدیودات:** بەڵێ.

**ئۆگوستین:** ئیتر کەوابوو ناویش وشەیە، چونکە ئێمە دەبینین کە ئەو لەگەڵ نیشاندەر پێکەوە بەهۆی بەدەنگ دەربڕین پەیدا دەبێ و کاتێک ئێمە دەڵێین: مرۆڤێکی ڕەوانبێژ وشەی شیاو و شایستە، هەروەها لە هەمان کاتدا ناو بەکاردەهێنێ، کاتێک لە شانۆی تێرێنتس دا بەند و کۆیلە کە ڕووبەڕووی ئاغا پیرەمێردەکەی دەبێتەوە «تکایە وشەی جوان دەخوازم» ئەویش چەند ناوێکی زۆر و زەبەندەی هێناوە.

**ئەدیودات:** من قسەکانت بۆ دەسەلمێنم.

**ئۆگوستین:** کەوابوو تۆ دەیسەلمێنی کە بەهۆی هەردوو بڕگەوە کە ئێمە دەیدەینە دەست، کاتێک ئێمە کردار (فێربووم) دەڵێین و ناو دەردەبڕدرێ، هەربۆیە وشەکە (فێربووم) سیمبۆلێکی «ناوە».

**ئەدیودات:** بەڵێ.

**ئۆگوستین:** حەزدەکەم تۆ بۆ ئەو خاڵەی خوارەوە وەڵامم بدەیەوە: چونکە وشە سیمبۆلی ناوێکە و ناویش سیمبۆلێکە بۆ ڕووبارەکە و ڕووبارەکە سیمبۆلێکی شتەکەیە کە مرۆڤ دەکاری بێنێ، کەوابوو بە باوەڕی تۆ

لەنێوان سیمبۆلی ناوەکە کە خۆی وشەیە وەک پێشتر بڕیارمان دا و «ناو» خۆی کە سیمبۆلە چ جیاوازییەک هەیە؟! هەروەک پێشتر قسەی لێکرا کە لەنێوان شتە ناوبراوەکە و ڕووباردا، واتا، سیمبۆلەکەی و لەنێوان ئەو سیمبۆلە و ناوەکە کە سیمبۆلی ئەو سیمبۆلەیە، جیاوازی هەیە؟!

**ئەدیودات:** ئەو جیاوازییەی خوارەوە دێتە بەرچاوم، ئەوەی بەهۆی ناوەوە نیشان دەدەرێ، بەهۆی وشەشەوە دیاری دەکرێ وەک چۆن بەتایبەتی «ناو» وشەیەکە، ئەوە بەو پێیە «ڕووبار»یش وشەیەکە، بەڵام نەک گشت ئەوانەی بەهۆی وشەکەوە دیار و دەستنیشان دەکرێن بەناوەکەش دەستنیشان دەبن. ئیتر لە لایەکەوە «ئەگەر هاتوو»ەکە کە تۆ لە سەرەتا و دەستپێکی پارچە هەڵبەستەکەدا دیتت، لەلایەکی دیکەوە «دەربارە» کە ئێمە ئەو ماوە درێژە هاوپەیڤینمان لەسەرکرد و بەهۆیەوە و بە پشتیوانی ژێر لێرەدا ڕووبەڕووی چەند کێشە و بەرەیەک بووینەوە، ئەوانیش چەند وشەیەکن، بەڵام ناو نین، لەوانیش کۆڵێک نموونە لە ئارادایە، چونکە بەو پێیە، هەموو ناوەکان وشەن، بەڵام هەموو وشەکان ناو نین، ئەو وەک من بۆی دەچم، ڕوونە، لەچیدا جیاوازی لەنێوان وشە و ناودا پەیدا دەبێ، واتە لەنێوان سیمبۆلی سیمبۆلەکە کە هیچ سیمبۆلێکی دیکە دیار و دەستنیشان ناکات و سیمبۆلی ئەو سیمبۆلەی ئاماژە بە شتێک دەدات کە خۆی جارێکی تر شتێکی دیکە دەردەبڕێ.

**ئۆگۆستین:** ئایا تۆ لەو باوەڕەدای کە هەموو ئەسپێک ئاژەڵە و کەچی هەموو ئاژەڵێک ئەسپ نییە؟!

**ئەدیودات:** کێ دەتوانێ گومان لەوەدا بکات؟

**ئۆگۆستین:** جیاوازی نێوان ناو و وشە وەک جیاوازی نێوان ئەسپ و ئاژەڵ وایە. ئەوی بەربەستە لەوەی باوەڕبهێنی ئەوەیە ئێمە بەشێوازی دیکە «وشە» ناودەبەین و بەهۆیەوە ئەو دەستنیشان دەبێ کە لەپرۆسەی کاتدا گۆڕانی بەسەردادێ وەک: وشەیەک کە بە ئاشکرا ناو نین.

**ئەدیودات:** تۆ بە تەواوەتی ئەوەت دەربڕی کە من دوودڵ بووم لە گوتنی.

**ئۆگۆستین:** نارەحەت مەبە و پەشێو مەبە! ئێمە هەموو ئەوانە بە سیمبۆل ناودەبەین کە بە گشتی ئاماژە بە شتی دیکە دەدەن و لەنێویاندا وشەکان کە ئێمە پێی گەیشتین، هەروەها ئێمە قسە لە نیشانی سەربازی دەکەین کە بە واتا وردەکەی بە «سیمبۆل» ناودەبرێن، کەچی ئەو وشەیە بۆ ئەوان گونجاو نییە و ناچێتەوە سەریان. لە هەمان کاتدا من لەوە دڵنیام: کاتێک من دەڵێم: وەک چۆن هەموو وشەیەک سیمبۆلە، بەڵام گشت سیمبۆلێک وشە نییە. وای بۆ دەچم لە سەلماندنی ئەمە هیچ دوودڵییەکت نییە.

**ئەدیودات:** ئێستا تێ دەگەم و بە ئەوپەڕییەوە لەگەڵ بۆچوونەکانتدام کە جیاوازی نێوان وشە بەگشتی و ناو وەک جیاوازی نێوان ئاژەڵ و ئەسپ وایە.

(١٠) **ئۆگۆستین:** ئایا تۆ دەزانی کاتێک ئێمە دەڵێین ئاژەڵ «Animal» ئەم ناوە سێ بڕگەییە کە بە دەنگ دەربڕا لەوە جیاوازە کە ئاماژەی پێ دەدات؟!

**ئەدیودات:** تۆزێک پێشتر بۆ گشت سیمبۆل و ئەوانەی دەکرێ دەستنیشان و ئاماژەیان پێ بدرێ، ئەمەم سەلماند.

**ئۆگۆستین:** وەک بۆت دەردەکەوێ، ئایا گشت سیمبۆلەکان ئاماژە بە شتێکی تری دەرەوەی خۆیان دەکەن، هەروەک چۆن وشەی ئاژەڵ کە لە سێ بڕگە پێکهاتووە ئاماژە بە شتێک دەکات کە خۆی نییە.

**ئەدیودات:** بێ گومان نەخێر. کاتێک ئێمە دەبێژین «سیمبۆل» تەنیا هەر گشت سیمبۆلە شیاوەکانی دیکە دیار و دەستنیشان ناکات، بەڵکو خۆیشی دەگرێتەوە، ئیتر ئەمە وشەیەکە و گشت وشەکان لە هەموو ڕەوشێکدا سیمبۆلن.

**ئۆگۆستین:** ئیتر، ئایا سەبارەت بە وشەی دوو بڕگەیی، کاتێک ئێمە «وشە»ی کردار «ڤیربووم» دەڵێین هەروا نییە؟ خۆ ئەگەر تێکڕای ئەوەی بەهۆی دەربڕینی دەنگەوە بە کۆمەکی نیشاندەرێکی دیاریکراو دەگوترێ و بەهۆی دوو بڕگەییەکەیەوە دیاری دەکرێ، ئایا ئەمە لەو جۆرە خۆی نییە.

**ئەدیودات:** بەڵێ وەهایە.

**ئۆگۆستین:** ئیتر پتر، ئایا لە بارەی ناوەوە بابەتەکە هەر بەو جۆرە نییە؟ ئەو لەلایەکەوە گشت ناوەکانی هەموو جۆرەکان دیار و دەستنیشان دەکات و لەلایەکی دیکەوە ناو (نۆ من) خۆی ناوی جۆری شمەکە، یان دەتوانی وەڵامی پرسیارەکەم بدەیتەوە، ناو چ بەشێکی دەستەواژەیە. ئایا لە: «ناو» بەولاوە وەڵامێکی تری کۆنکریتی دەدرێتەوە؟

**ئەدیودات:** نەخێر، تۆ ڕاست دەکەی.

**ئۆگۆستین:** ئیتر چەند سیمبۆلێک هەیە، شان بە شانی ئەوانی دیکە کە دەستنیشانیان دەکات خۆیشی دیار و دەستنیشان دەکات.

**ئەدیودات:** بەڵێ.

**ئۆگۆستین:** ئایا شتێکی وەک ئەمەت بۆ دەردەکەوێ لە سیمبۆلی چوار بڕگەییدا، ئەگەر ئێمە ئامرازی گەیاندن بڵێین و ناو بهێنین، لەو جۆرەیە؟!

**ئەدیودات:** بە هیچ جۆرێک نەخێر! ئەوەی ئەو دەستنیشانی دەکات، ناونین، بەڵام ئەو خۆی ناوە.

(٥)١١: **ئۆگۆستین:** تۆ ئەوپەڕی بە باشی ئاگاداربووی، ئێستاش بیر لەو ڕەوشە بکەرەوە:

ئایا سیمبۆل هەیە کە یەکتری دەستنیشان بکەن، ئیتر بەو جۆرە کە ئەویان، ئەمیان و ئەمیان، ئەویان دیار و دەستنیشان بکات. ئەو جۆرە پێوەندییە دەستیاوییە لەنێوان وشەی چوار بڕگەیی (ئامرازی پێوەندی) و ئەو وشانەدا کە لەلایەن ئەوانە دەستنیشان دەکرێن، بوونی نییە وەک: (ئەگەر، یان، ئیتر بە تایبەتی، لە دەرەوەی، کەوابوو...تاد). ئەو تاکە وشەیە گشت ئامرازەکانی پێوەندی دەستنیشان دەکات، بەڵام هیچ ئامرازێک لەوان، ئەو وشە چوار بڕگەییە دیاری ناکات و دەری نابڕێ.

**ئەدیودات:** من ئەوە دەبینم و حەز دەکەم بزانم ئەو سیمبۆلانە کامانەن کە یەکتری دەستنیشان دەکەن و دەردەبڕن؟!

**ئۆگۆستین:** کەوابوو تۆ نازانی کە ئێمە دوو وشە دەڵێین کاتێک «ناو» و «وشە» دەردەبڕین و دەڵێین.

**ئەدیودات:** با، من ئەوە دەزانم.

**ئۆگۆستین:** چۆن؟ ئایا تۆ نازانی کە ئێمە دوو ناو دەڵێین کاتێک ئێمە «ناو» و «وشە» دەڵێین.

**ئەدیودات:** با، ئەوەش دەزانم.

**ئۆگۆستین:** کەوابوو تۆ دەزانی کە ناو بەهۆی وشە، هەروەها وشە بەهۆی ناوەوە دیار و دەستنیشان دەکرێن و دەردەبڕین.

**ئەدیودات:** من ئەمە دەسەلمێنم.

**ئۆگۆستین:** دەکرێ پێم بڵێی، ئەوان لەچیدا لە یەکتری جیاوازن ئەگەر بێتو جارێکیان لە جۆری نووسینیان و دەربڕینیان بە دەنگ چاو بپۆشرێ؟!

**ئەدیودات:** دوور نییە بتوانم ئەمە بکەم، من بە تەواوەتی دەبینم کە بابەتەکە بریتییە لەوەی من پێشتر گوتم، کاتێک ئێمە وشە دەردەبڕین، هەموو ئەوانە دەستنیشان دەکەین کە بەهۆی دەنگ دەربڕینەوە بە کۆمەکی دەستنیشانکردنێکی دیاریکراو دەدرێنە دەست و دەگوترێن. ئیتر لێرەوە، هەموو ناوێک، هەروەها وشەی «ناو» خۆی وشەیەکە، بەڵام هەموو وشەیەک ناوێک نییە، ئەگەرچی کە ئێمە دەڵێین «وشە» ناوێک دەهێنین و دەردەبڕین.

(١٢) **ئۆگۆستین:** ئیتر چی لێ دێ، ئەگەر بێتو یەکێکی باوەڕ پێ کراو ساغی کردەوە کە چۆن هەر ناوێک وشەیەکە، هەر وشەیەکیش ناوێکە، دەتوانی بزانی- جگە لە جیاوازی دەنگ و پیتەکان- لەچیدا لە یەکتری جیان؟!

**ئەدیودات:** نەخێر، من تاکە جارێکیش باوەڕ ناکەم کە بەگشتی و چۆن لە یەکتری جیاواز دەبن.

**ئۆگۆستین:** ئەگەر هەر دەنگێک کە ئێمە دەری دەبڕین وشەیەک، یان ناوێک بگەیەنێ، چی وا دەکات وشەکە وشە و ناوەکە ناوبێت؟ ئایا هیچ جیاوازی لەنێوان ناو و وشەدا نییە؟!

**ئەدیودات:** من تێ ناگەم چۆن دەبێ ئەمە وابێت؟

**پەراوێز:**

**(١) ئەدیودات: کوڕی سانت ئۆگۆستینە.**

**(٢) ئەوی سەرنجی ئەو قسەیەی ئۆگۆستین بدات، دەستبەجێ ئەو پرسیارە بە بیریدا دێت: تا چەند جۆن لۆک لە دانانی بەردی بناغەی تیوری زانینەکەیدا سوودی لە ئۆگۆستین وەرگرتووە؟ من دڵنیام کە ئەو کەڵە فەیلەسوفە ئینگلیزە بەرهەمەکانی ئەو ڕابەرەی فەلسەفەی مەسیحی سەدەکانی ناوەڕاستی خوێندووەتەوە. ئەوەشمان لە یادە کە ڕابەری فەلسەفەی فینۆمینۆلۆجی چۆن ستایشی ئۆگۆستینی کردووە!.**

**(٣) لە شێوەزاری سلێمانیدا، لە قسەکردندا، «ئەم» بۆ ئاماژەکردن بەشتی نزیک و «ئەو» بۆ نیشاندانی شتی دوور بەکاردەهێنرێ، منیش لەجیاتی هەردوو وشە ئەڵمانییەکە کە پڕ بە پێستی خۆیان، بەکارم هێناون. diese- Jene.**

**سەرچاوە:**

**- Augustinus: De magistro. Uber den Lehrer. Reclam. Stuttgart 1998. S.7-39.**